حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین


# کۆلیژی هونەرەجوانەکانی هەولێر

# بەشی موزیک

# سۆلفێجی ڕۆژهەڵاتی

## قۆناغی سێیەم


دانـــانی

**ئـــامانج غـــازی**

تایپ ودیزاین و پێداچوونەوەی/ ئەحمەد حوسێن گەلاڵەیی

Gmail:ahmadgalaly@gmail.com



٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ ز

# پێناسەی مەقام

ئەو پێگە سەرەکییە یە کە میلۆدیەکانی لە سەر بونیاد دەنرێ و لە حەوت دەنگی یەک بەدوای یەکی زنجیرەیییە، هەمیشە دەنگی هەشتەم دووبارەبونەوەی دەنگی یەکەمە لە ئۆکتاڤێک دا و ئەم هەشت دەنگە بەیەکەوە بە ( دیوان ) ناوزەد دەکرێت.
هەر مەقامێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە بە پێی ئەو پلە و میانانەی دەکەوێتە نێوان دەنگەکانی و کۆمەلێک تۆنیک و رەگەز و گرێی جیاواز لە سەر پلە دەنگیەکان لە یەکتریان جیا دەکاتەوە.

## شیکردنەوەی مەقامەکان

پرۆسەی شیکردنەوەی مەقامەکان بە واتای دیاری کردنی سیانی و رەگەز و گرێیەکان دێت کە بێگومان هەیکەلی مەقامەکە دیاری دەکەن. سیانی لە سێ دەنگ پێ دێت وەک لە مەقامی سێگا و رەگەز واتە تیتراکۆرد وەک لە مەقامی راست گرێش لە پێنج دەنگ پێکدێت وەک لە مەقامی نەگریز ( هەمایۆن )

## ناوی دەنگە رۆژهەلاتیەکان



## خاسیەتەکانی کەلەپوری موزیکی رۆژ هەلاتی

ئەم خاسیەتانە هەمیشە لە نێو خودی موزیکدا رەنگدانەوەیان هەیە، واتا لە پێکهاتەی موزیکەکەدا دەستەواژەو رستەی موزیکی و بنیادی موزیکەکە لە پەیژە و میلۆدی و ریتم و ئامێرەکانی موزیک و بابەتەکانی تری پەیوەست بە تەکنیکی دەنگ و هەروەها رۆلی کۆمەلایەتی موزیک لە نێو کۆمەلگادا.

١. پابەندبوون بە وەرگرتنی زارەکی، کە ئەمەیان توخمێکی زۆر زیندووە و خۆی لە هەروایی ( ارتجال ) یادگەو هزر و خەیال فرەوانی دا دەبینێتەوە.

٢. پابەندبوون بە مقامیەتەوە، ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر مەقامێک مۆرکێکی تایبەتی خۆی هەیە و دواتر وەک دیاردەیەکی هونەری پەیوەستە بە هەردوو لایەنی ( لیریکی و ریتمی ) کە هەموویان تێکرا پابەند بە کۆمەلێک رێسا و کە چێژ و داب و نەریتی کە داب و نەریتی باو هێنایە کایەوە.

٣. دەکاربردنی تاک مێلۆدی دەولەمەند بە ئامێری ئایدیایی موزیکی دواتر دووبارە دەولەمەندکردنی ئەم مێلۆدیە بە کۆمەلێک دەنگی هاوشانی هارمۆنی واتا یاوەری کردن  جا چ لە بواری دەنگەوە بێت، یاخود لە بواری ئامێری موزیکییەوە.


٤. لایەن و پەیوەندی ریتم بە پێکهاتەی موزیکەوە، هیچی کەمتر نی یە لە خودی میلۆدیەکەوە، بۆیە ریتم شان بە شانی موزیک شوناس و مۆرکی بابەتەکە دیاری دەکەن و دەیکەنە پێکهاتەیەکی تۆکمەی هونەری.

## ڕەگەزەکان


## پێناسەی رەگەزەکانی نێو پەیژەی موزیکی رۆژهەلاتی

لەنێو پەیژەکانی موزیکی رۆژهەلاتی دا کۆمەلێک رەگەز بەیەکەوە مەقامی سەرەکی دروست دەکەن .
لەهەندێک مەقامدا وەکو رەگەزی لە یەکتر جیا دەردەکەون ، واتە لە نێوان رەگەزی یەکەم و دووەمدا هەمیشە میانەیەکی دووانی گەورە هەیە .
بەم رەگەزانەدەوترێن رەگەزی لەیەکترجیا ...
بۆنمونە لە مەقامەکانی راست ، بەیات ، نەهاوەند ئەم رەگەزە لەیەکتر جیایانە دەبینرێن .
لە هەندێ لە لقە دەر هێنراوەکانی مەقامەکان دا هەندێ جار رەگەزەکان بەیەکەوە دەبینرێن بەو مانایەی کە رەگەزی دووەم هەمیشە لەدەنگی چوارەمی رەگەزی یەکەمەوە دەست پێدەکات .
لە هەندێ شوێنی تریش دا هەندێ جار لە دەنگی سێیەمی رەگەزی یەکەمەوە رەگەزێک یاخود سیانیەک دروست دەبێت . کە ئەم دروست بوونە لە بنەرەتدا بە ( رەگەزی لەناویەک ) ناوزەند دەکرێ .
لە نمونەی خوارەوە دا هەرسێ رەگەزەکانی لەیەکتر جیاو بەیەکەوە و لە ناو یەک دا روون دەکەینەوە .


**نمونەی ڕەگەزی لەیەکتر جیاو :**




**نمونەی ڕەگەزی بەیەکەوە :**




**نمونەی ڕەگەزی لەناو یەک :**



## (( مەقــامی راست ))

**ناساندنی مەقامی راست/ ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٤٣٣٤٤٣٣**
**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی راست( دۆ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی راست لەسەرچوون لەدوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت ڕەگەزی یەکەم راست لەسەر راست و ڕەگەزی دووەم راست لەسەر نەوا**

## شیکردنەوەی مەقامی ڕاست و راهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی ڕاست لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٤٣٣٤٤٢٤**

١- **ڕەگەزی بەیات ( دۆگا ) واتە ( ڕێ – می نیو بیمۆڵ– فا – صۆڵ )**


٢- **سیانی سێگا لەسەر سێگا ( می نیوبیمۆڵ ) واتە ( می نیوبیمۆڵ – فا – صۆڵ )**

٣- **ڕەگەزی عەجەم لەسەر چوارگا ( فا ) واتە ( فا – صۆڵ – لا – سی بیمۆڵ )**

٤- **ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر نەوا ( صۆڵ ) واتە ( صۆڵ – لا – سی بیمۆڵ – دۆ )**


### لقە دەرهێنراوەکانی مـەقامی راست بریتین لە :-

١- **ڕەگەزی راست دۆ + ڕەگەزی حیجاز سۆڵ واتا <u>مـەقامی سۆزناك</u> پلــەکانی بریتین لە :-**
**( دۆ ، ڕێ ، می نیوبیمۆڵ، فــا ، سۆڵ ، لابیمۆڵ ، ســی ، دۆ )**
**ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر سۆڵ ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم راست لەسەر دۆ( راست )**




٢- ڕەگەزی ڕاست دۆ + ڕەگەزی بەیات سۆل واتا مـەقامی نەورۆز پلـەکانی بریتین لە :-
( دۆ ، ڕێ ، می نیو بیمۆل ، فـا ، سۆل ، لا نیوبیمۆل ، سـی بیمۆل ، دۆ )

ڕەگەزی دووەم بەیات لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم ڕاست لەسەر دۆ ( ڕاست )




٣- ڕەگەزی ڕاست دۆ + ڕەگەزی عەجەم سۆل واتا مـەقامی ماهور پلـەکانی بریتین لە :-
( دۆ ، ڕێ ، می نیوبیمۆل، فـا ، سۆل ، لا ، سـی ، دۆ )
ڕەگەزی دووەم عەجەم لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم ڕاست لەسەر دۆ ( ڕاست )





٤- ڕەگەزی ڕاست دۆ + ڕەگەزی حجاز گەردان ( دۆ ئۆکتاڤ ) واتا مـەقامی دلنشین پلـەکانی بریتین لە :-
( دۆ ، ڕێ ، می نیوبیمۆل، فـا ، سۆل ، لا، سـی بیمۆل ، دۆ ، دۆدێز , می بیمۆل , فـا )
ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر گەردان ( دۆ ئۆکتاڤ ) / ڕەگەزی یەکەم ڕاست لەسەر دۆ( ڕاست )



٥- رەگەزی راست دۆ + رەگەزی کورد سۆل واتا مـەقامی ئەسفەهان پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، رێ ، می نیو بیمۆل ، فـا ، سۆل ، لابیمۆل ، ســی بیمۆل ، دۆ )


رەگەزی دووەم کورد لەسەر سۆل ( نوا ) / رەگەزی یەکەم راست لەسەر دۆ ( راست )




٦- رەگەزی راست دۆ + رەگەزی نەهاوەند سۆل واتا مـەقامی سۆزدل ئارا پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، رێ ، می نیو بیمۆل ، فـا ، سۆل ، لا ، ســی بیمۆل ، دۆ )

رەگەزی دووەم نەهاوەند لەسەر سۆل ( نوا ) / رەگەزی یەکەم راست لەسەر دۆ ( راست )




## راهێنانی مەقامی راست ( ١ )




## راهێنانی مەقامی راست ( ٢ )




---

# (( مەقــامی بەیات ))

**ناساندنی مەقامی بەیات / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٣٣٤٤٢٤٤**

**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی دۆگا( رێ ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی بەیات لەسەرچوون لەدوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت ڕەگەزی یەکەم بەیات لەسەردۆگا و ڕەگەزی دووەم کورد لەسەر حسینی**

## شیکردنەوەی مەقامی بەیات و راهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی بەیات لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٤٤٢٤٤٣٣**

١- سیانی سێگا لەسەر سێگا ( می نیوبیمۆڵ ) واتە ( می نیوبیمۆڵ - فا - صۆڵ )

٢- ڕەگەزی عەجەم لەسەر چوارگا ( فا ) واتە ( فا - صۆڵ - لا - سی بیمۆڵ )


٣- ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر نەوا ( صۆڵ ) واتە ( صۆڵ - لا - سی بیمۆڵ - دۆ )

**لقە دەرهێنراوەکانی مـەقـامی بەیات بریتین لە :-**

١- رەگەزی بەیات رێ + رەگەزی حیجاز سۆل واتا مـەقـامی شوری قارچغار پلـەکانی بریتین لە :-

(رێ ، می نیوبیمۆل، فـا ، سۆل ، لابیمۆل، ســی ، دۆ , رێ )


رەگەزی دووەم حیجاز لەسەر سۆل ( نەوا ) / رەگەزی یەکەم بەیات لەسەر ری ( دۆگا )




٢- رەگەزێ بەیات لا قرار + رەگەزی بەیات رێ واتا مـەقـامی حوسینی عشیران پلـەکانی بریتین لە :-


( لا , سی نیو بیمۆل , دۆ , رێ ، می نیوبیمۆل، فـا ، سۆل ، لا )

رەگەزی دووەم بەیات لەسەر رێ ( دۆگا ) / رەگەزی یەکەم بەیات لەسەر لا ( عشیران )




٣-  رەگەزی بەیات ڕێ + رەگەزی بەیات  سۆل واتا  مـەقامی حوسینی پلــەکانی بریتین لە :-
(ڕێ ، می نیوبیمۆل، فــا ، سۆل ، لا ، ســی نیو بیمۆل ، دۆ  ,  ڕێ )

رەگەزی دووەم بەیات لەسەر لا  ( حوسینی )          /          رەگەزی یەکەم بەیات لەسەر ری  ( دۆگا )





٤-  رەگەزی بەیات ری + رەگەزی نەهاوەند لا واتا  مـەقامی تـاهیری پلــەکانی بریتین لە :-
(ڕێ ، می نیوبیمۆل، فــا ، سۆل ، لا ، ســی ، دۆ  ,  ری )

رەگەزی دووەم نەهاوەند لەسەر لا  ( حوسینی )          /          رەگەزی یەکەم بەیات لەسەر ری  ( دۆگا )




## راهێنانی مەقامی بەیات ( ٣ )





### راهێنانی مەقامی بەیات ( ٤ )




---

## (( مەقـامی سـەبا ))

**ناساندنی مەقامی سەبا / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٣٣٢٦٢٤٤**
**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی دۆگا( رێ ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی سەبا لەسەرچوون لەدوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت ڕەگەزی یەکەم سەبا لەسەردۆگا و ڕەگەزی دووەم کورد لەسەر حسینی**

### شیکردنەوەی مەقامی سەبا و راهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی سـەبا لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٤٤٢٦٢٣٣**


**١- ڕەگەزی حیجاز لەسەر چوارگا ( فا ) واتە ( فا - صۆڵ بیمۆڵ - لا - سی بیمۆڵ )**

## لقه دەرهێنراوەکانی مـەقـامی سـەبا بریتین لە :-

١-  رەگەزی سـەبا زەم زەم ڕێ + رەگەزی کورد لەسەر حسینی لا واتـا مـەقـامی سـەبا زەم زەم  پلـەکانی بریتین لە :-

(ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل بیمۆل ، لا ، سـی بیمۆل ، دۆ , ڕێ )

رەگەزی دووەم کورد لەسەر لا ( حوسینی )   /   رەگەزی یەکەم سەبا زەم زەم لەسەر ری ( دۆگا )




### راهێنـانی مەقـامی سـەبا ( ٥ )





### راهێنـانی مەقـامی سـەبا ( ٦ )



## راهێنانی مەقامی سەبا ( ٧ )




حەسەن زیرەك وەك قومری سەر باڵم شینە




---

## (( مەقـــامی سێگا ))

**ناساندنی مەقامی سێگا / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٣٤٤٣٣٤٣**

**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی سێگا( می نیوبیمۆل) بنیاد دەنرێت ،مەقامی سێگا لەسەرچوون پێکدێت ڕەگەزی یەکەم سیانی سێگا لەسەر سێگا و ڕەگەزی دووەم ڕاست لەسەر نەوا**

### شیکردنەوەی مەقامی سێگا و راهێنانەکانی





**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی سێگا لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٣٤٣٣٤٤٣**


**١- ڕەگەزی بەیات لەسەر حوسینی ( لا ) واتە ( لا - سی نیو بیمۆڵ - دۆ - رێ)**

## لقە دەرهێنراوەکانی مـەقامی سێگا بریتین لە :-

١- مەقامی ئەو شار بریتییە لە سیانی سێگا ( می نیو بیمۆل ) + رەگەزی نەهاوەند لەسەر نەوا ( سۆل )




٢- مەقامی هوزام بریتییە لە سیانی سێگا ( می نیو بیمۆل ) + رەگەزی حیجاز لەسەر نەوا ( سۆل )




٣- مەقامی موستە عار بریتییە لە سیانی موستە عار واتا ( می نیو بیمۆل , فادێز , سۆل ) +رەگەزی نەهاوەند لەسەر نەوا ( سۆل )

٤- مەقامی بەستەنیکار لەسەر پلە دەنگی سی نیو بیمۆل ( عراق ) بریتییە لە سیانی سێگا لەسەر ( سی نیو بیمۆل / عراق ) + رەگەزی سەبا لەسەر دەنگی رێ ( دۆگا )

٥- مەقامی بەعراق لەسەر پلە دەنگی سی نیو بیمۆل ( عراق ) بریتییە لە سیانی سێگا لەسەر ( سی نیو بیمۆل / عراق ) + بەیات لەسەر دەنگی رێ ( دۆگا )

## راهێنانی مەقامی سـێگا ( ٨ )



## راهێنانی مەقامی سیگا ( ٩ )




---

## (( مەقامی چوارگا ))

ناساندنی مەقامی چوارگا / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٤٤٢٤٤٣٣
بەیەکێک لە مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی چوار گا ( فا ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی چوارگا لەسەرچوون لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت عەجەم لەسەر چوارگا ڕەگەزی دووەم ڕاست لەسەر گەردان

## شیکردنەوەی مەقامی چوارگا و راهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی چوارگا لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٤٢٤٤٢٤٤**

١- ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر گردان ( دۆ ) واتە ( دۆ – ڕێ – می بیمۆڵ – فا )

٢- ڕەگەزی عەجەم لەسەر عەجەم ( سی بیمۆل ) واتە ( سی بیمۆڵ - دۆ – ڕێ - می بیمۆل )

٣- ڕەگەزی کورد لەسەر حوسینی ( لا ) واتە ( لا - سی بیمۆڵ – دۆ - ڕێ )

٤- ڕەگەزی نەهاوەند لەسەرنەوا ( صۆڵ ) واتە ( صۆڵ - لا - سی بیمۆڵ -دۆ )

## راهێنانی مەقامی چوارگا ( ١٠ )




## راهێنانی مەقامی چوارگا ( ١١ )





---

## (( مەقــامی عــەجــەم ))

**ناساندنی مەقامی عەجەم / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٤٤٢٤٤٤٢**

**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی ڕاست(دۆ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی عەجەم لەسەرچوون لەدوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت ڕەگەزی یەکەم عەجەم لەسەر ڕاست و ڕەگەزی دووەم عەجەم لەسەر نەوا**

## شیکردنەوەی مەقامی (عەجەم)و راهێنانەکانی



**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی عەجەم لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٢٤٤٤٢٤٤**

١- ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر دۆگا ( ڕێ ) واتە (ڕێ - بیمۆڵ – فا - صۆڵ )


٢- ڕەگەزی کورد لەسەر پۆسلیك ( می ) واتە (می – فا – صۆڵ - لا )

**لقە دەرهێنراوەکانی مـەقامی عـەجـەم لەسـەر پلەی دەنگی دۆ واتــا ڕاست بریتین لە :-**

١- عـەجـەم حجاز کە پێی دەووترێت مـەقامی شـەوقی افـزا نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، ڕێ ، می ، فـا ، سۆل ، لابیمۆل ، سـی ، دۆ )


ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم عەجەم لەسەر دۆ( ڕاست )




٢- عـەجـەم ڕاست کە پێی دەووترێت مـەقامی تەورێز نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، ڕێ ، می ، فـا ، سۆل ، لا ، سـی نیو بیمۆل ، دۆ )


ڕەگەزی دووەم ڕاست لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم عەجەم لەسەر دۆ ( ڕاست )




٣- عـەجـەم نەهـاوەند کە پێی دەووترێت مـەقامی نەورۆز نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، ڕێ ، می ، فـا ، سۆل ، لا ، سـی بیمۆل ، دۆ )


ڕەگەزی دووەم نەهاوەند لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم عەجەم لەسەر دۆ ( ڕاست )



## راهێنانی مەقامی عەجەم ( ١٢ )




## راهێنانی مەقامی عەجەم ( ١٣ )



## (( مەقــامی نەهــاوەند ))

**ناساندنی مەقامی نەهاوەند / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٤٢٤٤٢٦٢**

**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی ڕاست(دۆ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی نەهاوەند لەسەرچوون لەدوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر ڕاست و ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر نەوا**

### شیکردنەوەی مەقامی (نەهاوەند)و ڕاهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی نەهاوەند لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٤٢٤٤٢٤٤**

**١- ڕەگەزی کورد لەسەر دۆگا ( ڕێ ) واتە ( ڕێ – می بیمۆل – فا – صۆل )**

**٢- ڕەگەزی عەجەم لەسەر کورد ( می بیمۆل ) واتە ( می بیمۆڵ - فا – صۆل – لا بیمۆل )**

**٣- ڕەگەزی نەهاوەند لەسەرچوارگا ( فا ) واتە ( فا - صۆڵ - لا بیمۆل- سی بیمۆڵ)**


**٤- ڕەگەزی کورد لەسەرنەوا ( صۆڵ ) واتە ( صۆڵ - لابیمۆڵ - سی بیمۆڵ - دۆ )**

**لقە دەرهێنراوەکانی مـەقامی نەهــاوەند لەســەر پلەی دەنگی دۆ واتــا ڕاست بریتین لە :-**

**١- نەهــاوەند کورد کە پێی دەووترێت مـەقامی نەوبەهار نێوانی پلــەکانی بریتین لە :-**

**( دۆ ، ڕێ ، می بیمۆل، فــا ، سۆل بیمۆل، لا بیمۆل ، ســی بیمۆل، دۆ )**


**ڕەگەزی دووەم کورد لەسەر فــا ( چوارگا ) / ڕەگەزی یەکەم نەهاوەند لەسەر دۆ ( ڕاست )**



٢- نەهـاوەند حیجاز کە پێی دەووترێت مـەقامی بەزمی طه ره ب  یان سونبول نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل بیمۆل، لا ، ســی بیمۆل، دۆ )


ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر فـا ( چوارگا ) / ڕەگەزی یەکەم نەهاوەند لەسەر دۆ ( ڕاست )




٣- نەهـاوەندبەیات کە پێی دەووترێت مـەقامی عشاق نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل ، لا  نیو بیمۆل، ســی بیمۆل، دۆ )

ڕەگەزی دووەم بەیات لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم نەهاوەند لەسەر دۆ ( ڕاست )




٤- نەهـاوەندنەوائەسەر کە پێی دەووترێت مـەقامی ڕەنگین نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

( دۆ ، ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل ، لا ، ســی بیمۆل، دۆ دێز ، ڕێ )

گرێ ی نەوائەسەر( هەمایۆن ) لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم نەهاوەند لەسەر دۆ ( ڕاست )



## راهێنانی مەقامی نەهاوەند ( ١٤ )

**محمدی مامڵێ** **گۆرانی (تۆبەڵێنم پێبدە )**




## (( مەقــامی نەوا ئەسەر ))

**ناساندنی مەقامی نەوا ئەسەر / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٤٢٦٢٢٦٢**
**بەیەکێک لە مەقامە ڕۆژهەلاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلە ی دەنگی راست(دۆ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی نەوا ئەسەر لەسەرچوون لە گرێ یەک و رەگەزێک پێکدێت گرێ ی نەوائەسەر لەسەر راست و ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر نەوا**

## شیکردنەوەی مەقامی نەوا ئەسەر ڕاهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی نەوائەسەر لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٢٦٢٢٦٢٤**

**١- ڕەگەزی حیجاز لەسەر دۆگا ( رێ ) واتە (رێ – می بیمۆل – فا دیێز – صۆل )**

لقه دەرهێنراوەکانی مـەقامی نەوائەسەر لەسـەر پلەی دەنگی دۆ واتـا راست بریتین لە :-

١- مەقامی نەگریز( هەمایۆن )

( دۆ ، ڕێ ، می بیمۆل، فـا دێز ، سۆل ، لا ، سـی بیمۆل، دۆ )


ڕەگەزی دووەم نەهاوەند لەسەر سۆل ( نوا ) / گرێ ی نەوائەسەر لەسەر دۆ ( راست )




٢- مەقامی پەسـەندیدە

( دۆ ، ڕێ ، می بیمۆل، فـا دێز ، سۆل ، لا ، سـی نیوبیمۆل، دۆ )

ڕەگەزی دووەم راست لەسەر سۆل ( نوا ) / گرێ ی نەوائەسەر لەسەر دۆ ( راست )



## راهێنانی مەقامی نەوا ئەسەر ( ١٥ )



## راهێنانی مەقامی نەوا ئەسەر ( ١٦ )




---

## (( مەقــام کورد ))

**ناساندنی مەقامی کورد / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٢٤٤٤٢٤٤**
**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی دۆگا(رێ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی کورد لەسەرچوون لەدوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت رەگەزی کورد لەسەر دۆگا و ڕەگەزی دووەم کورد لەسەر حوسەینی**

## شیکردنەوەی مەقامی کورد و راهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی کورد لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی** ٤٤٢٤٤٤٢

**٢- ڕەگەزی نەهاوەند لەسەرنەوا ( صۆڵ ) واتە (صۆڵ - لا - سی بیمۆڵ -دۆ )**

**٣- ڕەگەزی عەجەم لە سەرچوارگا ( فا ) واتە (فا – صۆل – لا – سی بیمۆل )**


---

## لقە دەرهێنراوەکانی مـەقامی کورد لەسـەر پلەی دەنگی ڕێ واتــا ردۆگا :-

١- <u>مـەقامی شـەهنازکورد</u> نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

(ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل ، لا ، سـی بیمۆل، دۆ ، ڕێ)


ڕەگەزی دووەم حیجازلەسەر لا ( حوسینی ) / ڕەگەزی یەکەم کورد لەسەر ڕێ ( دۆگا )




٢- <u>مـەقامی موحەیەرکورد</u> نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

(ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل ، لا ، سـی نیوبیمۆل، دۆ ، ڕێ)


ڕەگەزی دووەم بەیات لەسەر لا ( حوسنی ) / ڕەگەزی یەکەم کورد لەسەر ڕێ (دۆگا )




٣- <u>مـەقامی لامی</u> نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

(ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل ، لا بیمۆل، سـی بیمۆل، دۆ ، ڕێ)

ڕەگەزی دووەم کورد لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم کورد لەسەر ڕێ ( دۆگا )




٤- <u>مـەقامی تەرزەی نوێ</u> نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-


(ڕێ ، می بیمۆل، فـا ، سۆل ، لا بیمۆل، سـی ، دۆ ، ڕێ)

ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر سۆل ( نوا ) / ڕەگەزی یەکەم کورد لەسەر ڕێ ( دۆگا )



٥- ئەگەر مەقامی کورد لەسەر پلەی دەنگی ( دۆ ) واتا راست وێنا بکرێت ئەوا راستەو خۆ مەقامەکە پێی دەوترێت

( حیجاز کارکورد ) واتە( دۆ ، رێ بیمۆل، می بیمۆل، فـا ، سۆل ، لا بیمۆل ، سـی بیمۆل، دۆ )




## راهێنانی مەقامی کورد ( ١٧ )




## راهێنانی مەقامی کورد ( ١٨ )




# (( مەقــام حیجاز ))

**ناساندنی مەقامی حیجاز / ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی لەسەر چوون ٢٦٢٤٢٤٤**

**بەیەکێک لە مەقامەسەرەکییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێت لەسەر پلەی دەنگی دۆگا(ڕێ) بنیاد دەنرێت ،مەقامی حیجاز لەسەرچوون لەدوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت رەگەزی یەکەم حیجاز لەسەر دۆگا ڕەگەزی دووەم کورد لەسەر حوسەینی**

## شیکردنەوەی مەقامی حیجاز و ڕاهێنانەکانی




**ڕەگەزە لاوەکیەکانی مەقامی حیجاز لە خوار چووندا ژمارەی نێوان پلە دەنگیەکانی ٤٤٢٤٢٦٢**

**١- ڕەگەزی نەهاوەند لەسەرنەوا ( صۆڵ) واتە (صۆڵ - لا - سی بیمۆڵ -دۆ)**


**٢- ڕەگەزی صەبا زم زم لەسەر حیجاز ( فا دێز) واتە (فادێز – صۆڵ – لا - سی بیمۆڵ)**

**لقە دەرهێنراوەکانی مـەقامی حیجاز لەســەر پلەی دەنگی ڕێ واتــا ردۆگا :-**

**١- مـەقامی نیاز نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-**

**(ڕێ ، می بیمۆل، فــا دێز، سۆل ، لا ، ســی نیوبیمۆل، دۆ ، ڕێ)**


**رەگەزی دووەم راست لەسەر سۆل ( نوا ) / رەگەزی یەکەم حیجاز لەسەر ڕێ ( دۆگا )**




**٢- مـەقامی حیجازدیوان نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-**

**(ڕێ ، می بیمۆل، فــا دێز، سۆل ، لا ، ســی نیو بیمۆل، دۆ نیودێز ، ڕێ )**


**رەگەزی دووەم راست لەسەر لا ( حوسینی ) / رەگەزی یەکەم حیجاز لەسەر ڕێ ( دۆگا )**



٣-   مـەقامی شاناز یان حیجاز کار نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

(ڕێ ، می بیمۆل، فــا دێز، سۆل ، لا ، ســی بیمۆل، دۆ دێز ، ڕێ)


ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر لا ( حوسینی )    /    ڕەگەزی یەکەم حیجاز لەسەر ڕێ ( دۆگا )




٤-   مـەقامی حیجاز زەم زەم نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

(ڕێ ، می بیمۆل، فــا دێز، سۆل ، لا ، ســی بیمۆل، دۆ ، ڕێ)

ڕەگەزی دووەم نەهاوەند لەسەر سۆل ( نوا )    /    ڕەگەزی یەکەم حیجاز لەسەر ڕێ ( دۆگا )




٥-   مـەقامی ســۆزی دل نێوانی پلـەکانی بریتین لە :-

(لا ، سی بیمۆل، دۆ دێز، ڕێ ، می، فــا، سۆل دێز ، لا)


ڕەگەزی دووەم حیجاز لەسەر می ( پۆســەلیك    /    ڕەگەزی یەکەم حیجاز لەسەر لا ( عوشیران )



٦-   مەقامی زەنجەران نێوانی پلەكانی بریتین لە :-

(ڕێ ، می بیمۆل، فا دێز، سۆل ، لا ، سی، دۆ ، ڕێ)

ڕەگەزی دووەم عەجەم لەسەر سۆل ( نوا )     /     ڕەگەزی یەكەم حیجاز لەسەر ڕێ ( دۆگا )




## ڕاهێنانی مەقامی حیجاز ( ١٩ )




---

## جوگرافیای دابەش بوونی فۆرمەکانی لیرکی ( غنائی ) کوردی

- لەنێو میللەتانی رۆژهەڵاتدا کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەتمەندی هەن کە موزیک و ئادای تایبەت بەو میللەتەوە دەخەنە ڕوو بۆیە گرینگە لە نێو بۆتەی ( قالب ) گۆرانی و موزیکی کوردیدا تایبەتمەندی ئەو ئەدایە چ وەک موزیکی لیرکی یاخود بەشێوازی هەرەوایی ( ارتجالی ) ئەم فۆرمانە بناسێنن و جوگرافیای هەڵکەوتنیان و پێگەیان دیاری بکەن .

١- فۆرمی حەیران : لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان باوە وە لە هەردوو شوێن دا تایبەتمەدی خۆی هەیە .

٢- لاوک : لە هەرسێ بەشی باکور ، باشوور ، رۆژئاوا بە چەندین شێوازی ئاوێتە کراوی مەقامەکان دەگوترێن .

٣- فۆرمی دەلال : فۆرمێکە تایبەت بە رۆژ ئاوای کوردستان .

٤- فۆرمەکانی دەڤەری گەرمە سێر ( گەرمیان ) کە بریتین لە (ئەڵاوەیسی ، خاوکەر ، خورشیدی ، قەتار ، ئای ئای ، هیجران ، نیوە شەوە ، خەنەباد )

٥- فۆرمی سەفەر و ئای ئای سلێمانی .

٦- فۆرمی هۆرە : باشوورە رۆژ هەلاتی کوردستان .

٧- فۆرمی سیاچەمانە : باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەکانی هەورامانی تەخت و هەورامانی سەخت .

٨- فۆرمی حەیرانۆک : تایبەتە بە دەڤەری بادینان .

٩- فۆرمی پایزۆک : جێ پەنجەی تایبەتمەندی ئێزیدیەکانی پێوە دیارە .

١٠- بە یت وبالۆر : تایبەتن بە رۆژهەڵاتی کوردستان و پەریوەنەتەوە بۆ باشوری کوردستان .

١١- بەند : باشوورو رۆژ هەلاتی کوردستان .

١٢- پایزە : تایبەتە بە رۆژهەڵاتی کوردستان .

١٣- مەقامەکانی سێوە : بە سووودد وەرگرتن لە موزیکی و سروتەکانی کەنیسای رۆژ هەلاتی .

١٤- گۆرانی و موزیکی قەرەج و دۆم : دووسکێڵی تایبەت بەخۆیان هەیە ( سکێڵی حیجاز کار لەسەر دۆ

( دۆ ، رێ b، می ، فا # , سۆل ، bلا ، سی ، دۆ )

سکێڵی نەوا ئەسەر لەسەر دۆ ( دۆ ، رێ ، می b ، فا # , سۆل ، bلا ، سی ، دۆ )

- **ئەلاوەیسی : وەکو فۆرمێکی لیرکی کوردی لەسێ چینە دەنگدا دەچڕ درێ کە بە پەردە ناو دەبرێ ، لە چڕینی ئەم فۆڕمەدا دوو بۆچوون هەن .**

**١- ئەم فۆڕمە لە مەقامی نەهاوەندی گەورە .**

**٢- ئەم فۆڕمە لە پەیژەی مەقامی راست ماهور دەبێت .**

**پەردەی یەکەم // پەیژەی مەقامی نەهاوەندە لە سەر سۆل / نەوا بەلام لەتۆنی سۆلە وە دەست پێ ناکات بەڵکو لە تۆنی ( رێ ) واتا لە چواری تەبا لە خوارەوە دەست پێ دەکا ( کە لە (رێ) وە دەست پێ دەکەین تام وبۆی مەقامی عەجەمی پێوە دیارە بەلام پلەی جێگیر بوونی دەنگی نەوایە .**


**پەردەی دووەم// لە پلەی (نەوا) وە دەست پێ دەکات واتە (سۆل ، لا ، سی نیو بیمۆل ، دۆ ) واتە راست سۆل.**

**پەردەی سێیەم // لەم پەردەیەدا لە دەنگی سی نیو بیمۆل وە تا پێنج سەرووی خۆی دەڕوا گۆڕانکاری لە مەقامی نەهاوەند دەبێ دێتە سەر پەیژەی راست لەسەر نەوا ، دواتر بە زنجیرەی دەنگ دەگەڕێتەوە پەردەی دووەم و ئینجا لە پەردەی یەکەم دا کۆتایی بەم فۆڕمە دێ .**

- **فۆرمی سەفەر :- لە پەیژەی مەقامی بەیات دەچردرێ و سنوری سەفەر تایبەتە بە دەڤەری سلێمانی ئەم شێوە میلۆدیە لە تیترا کۆردی یەکەمی مەقامی بەیاتە وە پێک هاتووە بۆنمونە ئەگەر لە سەر پلە دەنگی حوسەینی لا وەری بگرین تیتراکۆردە کە بەم شێوەیە دەبێ ( لا ، سی نیو بیمۆل ، دۆ ، رێ ) لە دەست پێک دا بە میانەیەکی چواری تەبا دەست پێ دەکات دواتر نۆتەکان بە زنجیرەیی دەگەڕێنەوە بۆ تۆنی دەست پێک ، واتە تۆنیک هیچ گۆرانکارریەک لە نێوان ئەم تیترا کۆردە ڕوو نادات ، هەروەها ئەم فۆرمە لە چوار دەنگ تێپەڕ ناکا .**
**یەکێک لە شارەزایانی تری ئەم فۆڕمە یان چڕیووە ( محمودی تۆفیق شاڵ )**

- **فۆرمی ئای ئای :- فۆرم و ئاوازێکی کوردیە بە ئاوازی باجەلانیش ناو دەبرێت ، کەناوی هۆزێکی کوردیە لە خانە ڤین نیشتە جێن ، زاراوەی ئای ئای لە دەست پێکی مەقامەکە سەرچاوەی گرتووە کە مەقام بێژ وەکو یەکەم ووشەی دەست پێک ئادای دەکات شێوازی چڕینی ئای ئای لە سەر پەیژەی بە یاتەوە بە پێ ی چینە دەگیەکان دەسپێکی ئای ئای بە پلە دەنگی ( راست ) دەست پێ دەکات پاشان بۆ میانەیەکی سیانی بچوک لە دەنگی ( رێ ) وە دەگاتە دەنگی ( فا ) دواتر دادەبەوێتە سەر تۆنی ( سێگا ) واتە ( می نیو بیمۆل ) دووبارە هەنگاو دەنێ بۆ دەنگی چوارەم واتا ( چوار گا / فا ) ئینجا راستەو خۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی بنکە واتە تۆنیک . لە بەشی دووەمی چڕینی ئای ئایدا لە پلە دەنگی ( لا ) وە حوسینی / تا پلە دەنگی گەردان دەڕوات دواتر دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی ( نەوا ) لێرەدا ئاوازی نەوا دەر دەکەوێ کە خۆی لە نەهاوەند لە سەر سۆل / نەوا دەبینێتەوە .**


## (سکێڵی مەقامی ئای ئای گەرمیان)[١]

راست-سۆڵ



بەیاتی نەوا-رێ (سکێڵی مەقامی(حەیران)) دەشتی هەولێر و لاجان و خۆشناوەتی

راست-فا


بەیاتی نەوا-رێ (سکێڵی مەقامی لاوك (کاوێس ئاغا))

راست-فا



حیجاز عەجەم(رێ) (سکێڵی مەقامی لاوك) (سەعید ئاغا)

نەهاوەند
مێجەر
هارمۆنی-سۆڵ



حیجاز رێ (سکێڵی مەقامی خاوکەر) بەرزە قەتار

عەجەم-سۆڵ


(بەردەی یەکەم و دووەم
بلە دەنگیە کالنی(سۆل،لا،سی ناتوور،دۆ،رێ) (سکێڵی مەقامی ئەلأوەیسی)



بەردەی سێیەم

مەقامی
ئەڵلا وەیسی


(سکێڵي مەقامي سەفەر- هیجراني)


راست-سۆل

(سکێڵی مەقامی بەیات ئای ئای) سلێمانی


بەیاتی می

حیجازکار لەسەر دۆ (سکێڵی مەقامی خورشیدی)


فامێجەر هارمۆنی

(سکێڵی مەقامی قەتار)


راست-فا


(ڕۆژئاوای کوردستان) (مەقامی دەلال)



(سکێڵی جۆرێك لە سیاچەمانە)


می بیمۆڵ عەجەم

(سکێڵی جۆرێك لە هۆرە) (هەیوانی چڕ)


نەهاوەند-لا

## ناونانی مەقامە رۆژ هەڵاتیەکان

لە نێو گەلانی رۆژهەڵاتدا ناوی مەقامەکان بەپێ ی ووڵات و نەتەوە ، ناو لێنانی جیاوازی هەیە بۆ نمونە هەمان ئەو مەقامە رۆژهەڵاتیانەی کە ئێمە بەکاریان دەهێنین لە ووڵاتی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازی ناو لێنانیان هەیە لەگەڵ ئێمە دا(دەزگای شور) کە پێنج لقی ئاوازی لێ دەبێتەوە بریتین لە

١- ئاوازی ئەبوعطا ٢- ئاوازی بەیاتی تورک ٣- ئاوازی ئەفشاری ٤- ئاوازی دەشت ٥- ئاوازی بەیاتی کورد




| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەقامی راست | ٣ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ٣ | ٤ → |
| مەقامی بەیات | ٤ | ٤ | ٢ | ٤ | ٤ | ٣ | ٣ → |
| مەقامی سەبا | ٤ | ٤ | ٢ | ٦ | ٢ | ٣ | ٣ → |
| مەقامی سێگا | ٣ | ٤ | ٣ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ → |
| مەقامی چوارگا | ٣ | ٣ | ٤ | ٤ | ٢ | ٤ | ٤ → |
| مەقامی عەجەم | ٢ | ٤ | ٤ | ٤ | ٢ | ٤ | ٤ → |
| مەقامی نەهاوەند | ٢ | ٦ | ٢ | ٤ | ٤ | ٢ | ٤ → |
| مەقامی نەوائەسەر | ٢ | ٦ | ٢ | ٢ | ٦ | ٢ | ٤ → |
| مەقامی کورد | ٤ | ٤ | ٢ | ٤ | ٤ | ٤ | ٢ → |
| مەقامی حجاز | ٤ | ٤ | ٢ | ٤ | ٢ | ٦ | ٢ → |

## (( چەند نموونوێك له ریتمه رۆژهەڵاتیەكان ))


| Moderato | Allegrotto | Animato | Allegro |
|---|---|---|---|
| ( رووین ) | ( FOX ) | (Marsh ) | ( دەهـۆڵـی ) |



| Andante | Allegrotto | Moderat |
|---|---|---|
| ( سـەماعی دارج ) | ( Develse ) | ( سـەربەند ) |




| Moderato | Andante | Allegrettoo | Moderato |
|---|---|---|---|
| ( ئایشـۆكێ ) | ( مەصمودی گەوره ) | ( تـانگۆ ) | ( زەفـە ) |



**Allegro**

**( دورهـندی )**




| Moderato | Moderato |
|---|---|
| ( گوڵشەینی ) | ( جۆرجینه ) |




**Allegro**

( دەروێشی )



**Andante**

( لەم گوڵپەی ئەحزانی )



**Andante**

( سـەماعی گران )



**Allegro** ( شـای )


**Allegro** ( هێـوە )

**Allegro** ( بندەلی )



**Allegrotto**

( گەریان )



**Moderato**

( تورکی اقـصـق )



# ســـەرچـاوە


١- سولفێجی لیرکی و ریتمیی خوێندنەوەیەک بۆ پەیژە موزیکییەسەرەکیەکانیی رۆژهەڵاتی / ئامانج غازی

٢- الإستفادة من السمع الداخلى فى تدريس الصولفيج العربى / رانيا محمد السيد جمعة ريحان

٣- مقامات الموسيقى العربية / صالح المهدى

٤- أصول الايقاعات الشرقية ودراسة تحليلية في المقامات العربية

٥- نظريات الموسيقى العربية والشرقية / د.محمد عزيز شاكر زازا

٦- القيم الجمالية للاغـانى الكوردية وتوظيفها فى مادة الصولفيج ايقاعيا ولحن ى ا / ئامانج غازى شاكر أغا